ڕێكخراوی كوردستان بۆ هەمووان بۆ پەرەپێدانی دیموكراسی

------------------------------------------------------------

# دەقی هەمواری یەكەمی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009)

كۆماری عێراق

هەرێمی كوردستان

سەرۆك

بڕیاری ژمارە (1)ی ساڵی (2019)

بەپێی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە بڕگەی (یەكەم) ماددەی (دەیەم) لە یاسـای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (2005)ی هەموار كراو، پاڵپشت بە یاساكانی پەرلەمانی كوردستان كە لە دانیشتنی ژمارە (12)ی ئاسایی ڕۆژی (2019/7/8)كراوە، بڕیارماندا بە دەركردنی:

## یاسای هەمواری یەكەمی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009)

(یاسای پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان – عێراق)

ماددەی (1):

خاڵی (1) لە بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (شەشەم)ی یاساكە هەموار دەكرێتەوەو بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

هەڵبژاردنی پارێزگار لە دەرەوەی ئەندامانی ئەنجومەن یان لە نێوانیاندا بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت، لە ماوەیەكدا كە ئەوپەڕی (30) سی ڕۆژ لەمێژووی بەستنی یەكەمین دانیشتن تێپەڕنەكات.

ماددەی (2):

بەدەر لەحوكمی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (چواردەم)ی یاساكە ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاكان لە پیادەكردنی تایبەتمەندییەكانیان لە كاتی كۆتایی هاتنی ماوەی یاساییان تا هەڵبژاردنی خولێكی نوێی ئەنجومەن بەردەوام دەبن.

www.keodd.org

------------------------------------------------------------

ناونیشان:- سلێمانی- شەقامی بازنەیی مەلیك مەحمود- تەلاری فیردەوس- بەرامبەر گوندی ئەڵمانی- نهۆمی(3)- شوقەی ژمارە(3)بۆ
پەیوەندیكردن: ئیمەیڵ: koddorg@yahoo.com
پێگەی ئەلكترۆنی: www.keodd.org
فەیسبووك: www.facebook.com/kurdistanforeveryone_ مۆبایل: 07725118700 - 07701509765_

مادده‌ی (3):

پێویسته‌ ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران‌و لایه‌نه‌ په‌یوه‌ندیداره‌کان حوکمه‌کانی ئه‌م یاسایه‌ جێبه‌جێبکه‌ن.

مادده‌ی (4):

کار به‌هیچ ده‌قێکی ئه‌م یاسایه‌ یان بڕیارێك ناکرێت که‌ ناکۆك بێت له‌گه‌ڵ ده‌قه‌کانی ئه‌م یاسایه‌.

مادده‌ی (5):

ئه‌م یاسایه‌ له‌ ڕۆژی ده‌رچواندنه‌یه‌وه‌ جێبه‌جێ ده‌کرێت‌و له‌ ڕۆژنامه‌ی فه‌رمی (وه‌قائعی کوردستان) بڵاو ده‌کرێته‌وه‌.

هۆکاره‌کانی ده‌رچواندن

به‌مه‌به‌ستی دروست نه‌بوونی بۆشایی یاسایی له‌ ئه‌نجومه‌نی پارێزگاکان‌و به‌رده‌وامبوونی ئه‌نجومه‌نه‌کان له‌ پیاده‌کردنی تایبه‌تمه‌ندییه‌کان‌و هه‌ڵبژاردنی پارێزگار له‌ ده‌ره‌وه‌ی ئه‌ندامانی ئه‌نجومه‌ن یان له‌ نێو ئه‌ندامانی ئه‌نجومه‌ن به‌مه‌به‌ستی فه‌راهه‌مکردن و گه‌یاندنی خزمه‌تگوزارییه‌کان بۆ هاووڵاتیان به‌ شێوه‌یه‌کی باشتر، ئه‌م یاسایه‌ ده‌رچوێندرا.

www.keodd.org

نێچیرڤان بارزانی

سه‌رۆکی هه‌رێمی کوردستان

2019/7/21

سه‌رچاوه‌:

ڕۆژنامه‌ی وه‌قائعی کوردستان - ژماره‌(239) - به‌رواری (2019/7/31)

ناونیشان:- سلێمانی- شه‌قامی بازنه‌یی مه‌لیك مه‌حمود- ته‌لاری فیرده‌وس- به‌رامبه‌ر گوندی ئه‌ڵمانی- نهۆمی(3)- شوقه‌ی ژماره‌(3بۆ

په‌یوه‌ندیکردن: ئیمه‌یڵ: koddorg@yahoo.com

پێگه‌ی ئه‌لکترۆنی: www.keodd.org

فه‌یسبووك: www.facebook.com/kurdistanforeveryone_ مۆبایل: 07725118700 - 07701509765_